# ئەودیوی مشتومڕی سەر گوتەکانی قاسم شەشۆ

14-08-2024

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** داعش لە ئابی 2014 دا شنگالی گرت و شەشۆ یەکێک لەو فەرماندانەی پێشمەرگە بوو کە تا ساتی رزگارکردنی ئەویٚ لە 13ـی نۆڤێمبەری 2015، لە چیای شنگال مابوونەوە و شەڕیان کردبوو. نیسانی 2017 بۆ لێکۆڵینەوەیەک چووبوومە شنگال و لە مەزارگەی شەرفەدین "شەشۆ"م بینیبوو. لەو کاتانەدا شانازیی پێشمەرگەیەکی ئازات لە رووخساری دەخوێندەوە کە دەیویست بڵێ من بەرگریم کردووە و لە کاتی داعشیش لێرە ماومەتەوە

چەند ڕۆژێک بەسەر ئەو مشتومڕەدا تێپەڕدەبێت کە سەبارەت بە گوتەکانی قاسم شەشۆ وەک یەکێک لە سەرکردە سەربازییەکانی کۆمەڵگەی ئێزدی لەبارەی ئایینی ئیسلام دروستبووە. سەرەڕای ئەوەی کە ئێستا گرژییەکان کەمیان کردووە، دەکرێ بێژین ئەوە تەنیا پرسی ناکۆکییەکی ئایینی - کۆمەڵایەتی نییە و ڕەهەندێکی قووڵتری هەیە کە دەشێ پەیوەندی بە شەقبردنی زیاتری هێڵەکانی ململانێ لە جیۆپۆلەتیکی نێوخۆیی عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەبێت.

داعش لە ئابی 2014 دا شنگالی گرت و شەشۆ یەکێک لەو فەرماندانەی پێشمەرگە بوو کە تا ساتی ڕزگارکردنی ئەوێ لە 13ـی نۆڤێمبەری 2015، لە چیای شنگال مابوونەوە و شەڕیان کردبوو. نیسانی 2017 بۆ لێکۆڵینەوەیەک چووبوومە شنگال و لە مەزارگەی شەرفەدین "شەشۆ"م بینیبوو. لەو کاتانەدا شانازیی پێشمەرگەیەکی ئازات لە ڕووخساری دەخوێندەوە کە دەیویست بڵێ من بەرگریم کردووە و لە کاتی داعشیش لێرە ماومەتەوە. ئێستاش وەک کەسێکی دژە ئیسلام وێنا کراوە کە هەستی زۆرێک لە باوەڕدارانی کوردی موسڵمانی بریندار کردووە. لە ڕاستیدا لەو کاتانەدا کە من بینیبووم وەک بڵێی وشەکانی خۆی بژمێرێ قسەی دەکرد، بۆ ئەوەی کە ڕوانگەی دژە داعشی ئەو وەک شتێکی دژە ئیسلامی وێنا نەکرێت. سەیری ئەو ڤیدیۆیەشم کرد کە هەراکەی لێکەوتووەتەوە و لە 3ی 8ـی ئەم ساڵدا لە یادی کارەساتی شنگالدا تۆمارکراوە. بە گشتی باس لە مەترسیی ئازادکردنی ئەندامانی داعش لەسەر ئێزدییەکان دەکات و داوا دەکات کە خەڵک چەکی قورس بۆ خۆیان بکڕن، چونکە بە گوتەی خۆی، هێشتا ئەگەری "فەرمان" و کارەساتی دیکە هەیە. ئەگەر هەموو قسەکانی پێکەوە سەیر بکرێت و ئەوەش بزاندرێت کە زمانی کوردی لە شنگال هەروا بە شێوەیەکی سەرەتایی ماوەتەوە و وەکو کوردی لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان گەشەی نەکردووە کە شێوازی گوزارشتکردنەکانی ڕوونتر بێت، ئەوسا ڕەنگە کاردانەوەکان بەو جۆرە نەبوایەن کە ڕوویاندا. هەڵبەت داڕشتنی نابەرپرسیارانەی بەشێک لە میدیاش ڕۆڵی گرنگی لەمەدا گێڕا.

ئێزدییەکان دەمێکی درێژە هەست بە مەترسیی مانەوە دەکەن و ئەوەش ڕیشەی لە ڕووداوە ئەمڕۆییەکان و ڕووداوە مێژووییەکانیشدا هەیە. تەنیا لە ئەم ساڵدا بەغدا نزیکەی 9535 کەسی لە کەسوکاری داعشە عێراقییەکانی کەمپی هۆل گەڕاندۆتەوە کە سەرەتا دەبردرێنە کەمپێکی گواستنەوە لە گوندی جەدعەی گەیارە. هەرچەندە ئەم شوێنە زیاتر لە 140 کیلۆمەترێک لە شنگالەوە دوورە، بەڵام ئەم پرۆسەی گەڕاندنەوەیە کە لەوانەیە بۆ نزیکەی 18000 عێراقی دیکەی ناو کەمپی هۆلیش بەردەوام بێت، ترسێکی لای ئێزدییەکان دروست کردووە. یاسای لێبوردنی گشتی کە داواکاری سوننەکانە لەگەڵ بەردانی نزیکەی 200 شەڕکەری داعش لە سووریاش لەو دوابیانەدا ئەو ترسەی بۆ ئەوان زیاتر کردووە. ترسی لەناوچوون بۆ کۆمەڵگەی ئێزدی  پاشخانێکی مێژوویی درێژیشی هەیە. بەشێکی زۆر لە فەرمانەکانی سەر ئێزدییەکان بەدەستی عەرەب، تورك و کوردە سوننییەکان کراوە. وەک لازارێف باسی دەکات تەنیا لە سەردەمی عوسمانیدا نزیکەی 20 لەشکرکێشی بۆ شنگال کراوە. ئەم دۆخە لە یادگەی بەکۆمەڵی ئێزدییەکاندا هەر ماوە و لەگەڵ ڕووداوەکاندا بەرهەمدەهێنرێتەوە. لەبەرئەوە، وشەی کورد لەلای بەشێك لە ئێزدییەکان پانتایی پێناسەکردنی ناسنامەی بەکۆمەڵیان لەگەڵ هاونەژادە موسڵمانەکانیان ناگرێتەوە کە بەیەك زمان قسەدەکەن و لەیەك تێدەگەن. ئەوان پێیان وایە هاوزمانە موسڵمانەکانیان، ئەوانەن کە لە بەشێکی زۆر لە فەرمانەکاندا دەستیان هەبووە و تەنانەت هاوکاری تورك و عەرەبە سوننەکانیان کردووە و کوشتاری ئێزدییەکان! ئەمەش قەڵشێکی گەورەی لە ناسنامەی ئایینی و ئەتنی ئەواندا دروستکردووە کە لەڕێی جەختکردنەوەیان لە ناسنامەی ئایینی خۆیان ڕوونتر دەردەکەوێت. زۆرجار گوێت لەوە دەبێت کە هەندێکیان دەڵێن ئێمە نە عەرەبین نە کورد بەڵکو ئێزدین و ئەمەش لەو پاشخانەوە سەرچاوەی گرتووە.

بێشک هەڵتەکاندنی ناسنامەی ئەتنی ئێزدییەکان و تۆخکردنەوەی ناسنامە ئایینیەکەیان تەنیا پەیوەندی بە ترسی مانەوەی ئەوانەوە نییە، بەڵکو بابەتێکە کە بە کەڵکی ململانێ سیاسییەکانی ناوخۆی کوردستان و عێراقیش هاتووە. لە ئاستی ناوخۆیی کوردیدا بە شێوەی سەرەکی هێڵی پەکەکە و پارتی و تا ئەندازەیەکی کەمتریش یەکێتی لەبارەی ناسنامەی ئێزدییەکانەوە بەریەک دەکەون. پارتی لەڕێی زەقکردنەوەی ڕەچەڵەکی ئەتنی ئێزدییەکانەوە دەیەوێ کاریگەرییەکانی خۆی لە شنگال بپارێزێ. بۆ هەرێمی کوردستان شنگال سووچی سەرووی کەوانەیەکی جوگرافییە کە دەتوانێ لە ملی باکووری ڕۆژئاواوە لە بەرامبەر هەر جۆرە شەپۆلێکی فراوانخوازی دژە کوردی بەکەڵک بێت. لەلایەکی دیکەوە پەکەکەش لە ئاراستەیەکی پێچەوانەدا زیاتر حەز بە وێناکردنی ئێزدییەکانە وەک کەمینەیەکی ئایینی جیاواز دەکات، چونکە پێویستی بەوەیە کە گوتارەکەی لە دژی گوتاری پارتی بێت بۆ ئەوەی دەرفەتی شوێنکردنەوەی خۆی لەنێو کۆمەڵگەی ئێزدییەکان بەدەستبهێنێت. لەڕووی جیۆستراتیژییەوە شنگال بۆ پەکەکە ڕێڕەوی گەیشتنە بە ڕۆژئاوا، لەبەرامبەریشدا تورکیا زیاتر لە دەرچەیەکی ئاسایشییەوە وەک هەڕەشەی "قەندیلی دووەم" تەماشای دەکات.

بۆ عێراق قەڵایەکی سەربازییە بۆ کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆی سنووری نێوان خۆی و سووریا، داعش و ئاسایشی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان. شنگال دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان و ناوچەیەکی گرنگی جوگرافییە لەنێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات. لە ملی باکوورەوە پارێزگای موسڵ و حەسەکە پێکەوە دەلکێنێ و لە باشووری ڕۆژئاواوە بە ناوچەی سوننەنشینی عێراق و لە باشووری ڕۆژهەڵاتیشەوە دەگاتەوە تەلەعفەر. نزیکەی 120 کیلۆمەتر لە موسڵ دوورە و دەشتی پڕ بەرەکەتی بۆ کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات لە نزیك ئاوی دیجلە هەیە. زەقکردنەوەی ناسنامەی ئایینی ئێزدی لە جیاتی لە ڕەگەزە ئەتنییەکەیان دەرفەتێکی بێ وێنە بە

بەغدا دەدات کە لە ماوەی درێژخایەندا قەڵایەکی گرنگ لە ناوچەکی پڕ لە سوننە و هەرێمێکی جیۆستراتیژی وڵاتدا دروست بکات. ناوچەکانی بەری باکووری چیای شنگال(شیمال) واتە ناحیەی سنوونێ و کۆمەڵگە و گوندەکانی دەورووبەری لەگەڵ ناوچەکانی بەری باشوور (قبلەتێ) کە شنگال و کۆمەڵگە و گوندەکانی دەوروبەری لەگەڵ ناحیەی گرعزێر (قەحتانییە) لە بەعاج بە زۆری کوردی ئێزدین. هەبوونی نفوسێکی جیاوازی وەک کوردی ئێزدی لە پارێزگای موسڵ بۆ بەغدا بایەخێکی لە رادەبەدەری هەیە و لەوانەیە یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی ئەو بایەخپێدانەی ئێستای حکومەتیش بە پرسی ئێزدییەکان ئەوە بێت.

بۆ گرووپەکانی "میحوەری موقاوەمە"ش چیای شنگال بنکەیەکی سەربازی گرنگە بۆ کۆنترۆڵی رێڕەوەکان، درۆن و شەڕە گریمانییەکانی داهاتوو. دەشتەکانی بەری باشووری شنگال(قبلەتێ)، تاوەکو چاوبڕ بکات درێژ دەبنەوە و چیای شنگالیش بە بەرزاییەك لە دەوری 1400مەتر، دیمەنی تۆپۆگرافیی ئەم ناوچەیەی لە دەوروبەرەکەی جیاکردووەتەوە و بەسەر بیابانەکانی عێراق و سووریادا زاڵە. ئەم چیایە بە درێژایی 75 کیلۆمەتر بەرەو سووریا و رۆژئاوا هەڵدەکشێت و لە قوڵاییەکانیدا جێگەی خۆی دەکاتەوە. پانیی سەر چیا لە هەندێك شوێندا دەگاتە نزیکەی 17 کیلۆمەتر و بەوەش ناوچەیەکی تەخت لەسەر چیا پێکدەهێنێت کە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە خۆیان بە "سەردەشت" ناوی دەبەن. ئەو تایبەتمەندییانەش لەڕووی سەربازییەوە بۆ هەڵدانی و کۆنترۆڵی درۆن، تەقاندنی مووشەک بایەخی زۆری بۆ ئەکتەرە جیاوازەکان لەڕووی ستراتیژی بەرگری و هێرشەوە هەیە. بۆ نموونە ئەگەر مووشەک یان درۆن لە شوێنێکی وەک شنگالەوە بگیردرێتە ئیسرائیل، تەقریبەن بە دووریی 700 - 800 کیلۆمەترەوە بە نیوەی ئەو کاتە دەگات کە لە شوێنیکی وەک ئێران یان لە یەمەنەوە بتەقێندرێت. ئا لەبەر ئەوەیە کە چارەنووسی شنگال نەک تەنیا بۆ ئەکتەرە ناوخۆییەکان بەڵکو بۆ گەلێک ئەکتەری ناوچەیی و نێودەوڵەتیش گرنگە. هەر ئەوەش وایکرد کە رێککەوتنی ساڵی 2020ی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بۆ ئیدارەی ئەو ناوچەیە هێشتا لەسەر کاخەز بمێنێتەوە و جێبەجێ نەکرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە باسکرا، دەردەکەوێت کە چۆنچۆنی زیادبوونی ناکۆکییەکانی نێوان کوردانی موسڵمان و کوردانی ئێزدی دەتوانێت بە کەڵکی ناکۆکی و ململانێیەکی گەورەتری جیۆسیاسی بێت لەم ناوچەیە.